www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2007 13:15

مافی ئافرەت کامەیە؟؟ ... تاریق ئەحمەد

دەمی هەر ئافرەتێك ئەكەیتەوە دەڵێن ماف، نازانم ئەو مافە چییە كە ئەوان هێشتا بەدەستیان نەهێنابێت و خەریكە وەرگرتنی بن؟؟
ئایا رێكخراوەكان و سەنتەرەكانی ئافرەتان پێش ئەوەی پەرلەمان و حكومەتی هەرێم ناچار بكەن بە گۆڕینی هەندی لە برگەومادەكان و دەركردنی هەندیبڕیار سەبارەت بە مافەكانی ئافرەتان، بیریان لەئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی زۆرینەی ئافرەتانی لای خۆمانیان كردبۆوە؟ كە زۆرینە هەرە زۆریان تا ئێستا ئازادی و یەكسانی و سەربەستی و دیموكراتی جیا ناكەنەوە لە بەرەڵایی و سنور بەزاندن، هەندێك جار بابەتەكان بەناوی مافی ئافرەتەوە كۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر ئەبەن ئێمە لە شازدە ساڵی ڕابردوودا پێویستیمان بە هۆشیار كردنەوە هەبوە و هەیە تا ئێستاش نەك دەركردنی بڕیار و ڕاسپاردە و سەپاندنی بەسەر كۆمەڵگادا ئێمە پێویستیمان بەوە بوو گەنجانمان لە كوڕو لە كچ هۆشیار بكەینەوە و بەرنامەی تۆكمەو گونجاومان بۆ دا بڕشتنایە ئەوا ئەوانیش ئەیان توانی بەرنامەی گونجاو و سەركەوتوو بۆ ژیای خۆیان دابڕێژن و ئەمڕۆ توشیئەم ئەم هەڵانە نەدەبوون كەوا هەموومان بەدەستیەوە دەنالێنین و ڕۆژانە گوی بیستی ئەوە نەدەبووین (تەرمی ئافرەتێك لە فلان شوێن دۆزرایەوە * ئافرەتێك خۆی سوتاند *كچێك بەرگووڵە درا* ژنێك لەلایەن مێردەكەیەوە كوژرا و دەیان شتی تریش كە بێگومان هۆكاری زۆرینەیان ڕەوشتە) بەڵی ئێمە پێویستیمان بە گۆڕینی تاكە و هۆشیاركردنوەیەتی و بەتایبەتی ئافرەتان چونكە وەك ووتم زۆرێك لەوان ئازادی و لادان لەیەك جیاناكاتەوە و لێكدانەوەی هەڵە بۆ ئازادی و دەستەواژەكانی تر كراوە لەلایەن زۆرێك لە گەنجان بەتایبەتی ئافرەتی گەنج و بڵی سەردەم سەردەمی ئازادیە و منیش ئازادم ئارەزوەكانم تێربكەم وەك مرۆڤ ئەگەر بێت و بەدوادا چونێكی وورد بكەیت ئەوا بۆت دە ئەكەوێت زۆرینەی كوشتنەكان نالێم هەموویان لەسەر شەرەفە، من حەزناكەم بابەتەكە لەلایەن خوێنەری بەڕێزەوە وا لێك بدرێتەوە كەمن پشتگیری لە ڕەشەكوژی ئافرەتان ئەكەم نەخێر من هەرگیز لەگەڵ كوشتن نیم جا كوشتنی ئافرەت بێت یان پیاو لەژێر هەرناوێكدا بێت من دژی روح لێسەندنم، ئەوەی من مەبەستمە و باسمكرد واقیعێكە و ئەمڕۆ لە كوردستان دەبینرێت، لەگەڵ داوای لێبووردنم لە هەموو ئەو كەسانەی بە شێوەیەكی هەڵە بابەتەكە لێك ئەدەنەوە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.